# ئیمان و ئارەزووی جنس

کۆمەڵێ

چیرۆکی پەروەردەیی و رووداوی واقیعیە.

کۆکردنەوەو وەرگێڕانی

د. حەسەنی پێنجوێنی

**پێشەکی ئەم چیرۆکە:**

ئازیزان ئەم چیرۆکە چیرۆکی حەفتاکانە، تام و بۆنێکی تایبەتی هەیە، کاتی خۆی ئیبنو جەوزی بەرەحمەت بێ لە زەممول هەوادا باسێکی جوانی ئەم پیاوەی کردووە، هەروەها محمد حسن الحمصی)یش چیرۆکێکی زۆر جوانی لێ دروست کردوە، من ئەم چیرۆکەم وەرگێرابوو بۆ کوردی، لە کۆتایی حەفتاکاندا بە دەنگ بڵاوم کردەوە، بەڵام دەستخەتەکەی تیا چوو.. هەروەها دکتۆر عریفی لە وتارێکیدا باسی دەکات.. هەروەها شیخ عبد الله جبر الخطیب لەوتارێکیدا باسی دەکات.و چەندان کەسی تریش باسیان کردووە. منیش دەمەوێ پاڵفتەیەکی ئەورووداوەتان جارێکی تر بۆ باس بکەم.. ئیستا بەنووسین پێشکەشتانی دەکەم، و ئەگەر عەمری ئەمانەت باقی بوو– ئینشائەڵڵا - بە دەنگیش پێشکەشتانی دەکەم.. هیوادارم سوودی بۆ هەموان هەبێ، و یاداوەرییەک بێت بۆمان، و لاوەکانیشمان بیکەنە سەر مەشقی خۆیان..و لەپەروەردگاری میهرەبان داواکارم بیکاتە زەخیرەو توێشویەکیش بۆ پاشەڕۆژمان، ئەویش باشترین کۆمەک و چاترین پشتیوانە...

د. حسن پێنجوێنی

برێسبن – ئوستراليا.

# # #

1

# محمدی میسکی

**ڕووداوێکی واقیعییە و چیرۆکی لاوێکی پڕ باوەڕە.**

نووسینی

## الشێخ ابن القیم الجوزیة

وەرگێڕانی

## د.حەسەنی پێنجوێنی

لە دیمشقی شامدا لاوێکی جوان و پێکەوتوو هەبووە بەناوی محمد، ئەم لاوە پاکداوێنە لەگەڕەکی (سالحییە)ی دیمشقدا دەژیا و لەهاویناندا باوەشێنی دەفرۆشت،و بەکوچەو کۆلانەکاندا دەگەڕا و بانگی دەکرد: باوەشێن، باوەشێنی جوان، خۆت فێنک بکەرەوە بەم

..باوەشێنانە

رۆژێکیان بەکۆلانێکدا تێدەپەڕی و وەک عادەتی خۆی هاوار دەکات: باوەشێن، باوەشێنی جوان، ئافرەتێک لە ماڵێکەوە بانگی دەکات ودەڵێ: ئادەی باوەشێنەکانت بێنە تا خۆم دانەیەکیان لێ هەڵبژێرم، ئەویش دەیباتە بەردەرگاکەیان، وژنەش باوەشێنی لێ وەردەگرێت،و دەڵێ: ئەمە دەستەکەی لارە، ئەمەم ناوێ، باوەشێنێکی تری دەداتێ، دەڵێ: ئەمەش شاش و پەرپوتە!! بیهێنەرە ناو حەوشەکەوە با بەدڵی خۆم دانەیەک هەڵبژێرم! ئەویش بێ ئاگا لە پلان وپیلانی ئافرەت دەڕواتە ناو حەوشەکەوە، و باوەشێنەکانی لەبەردەستا !!دادەنێ، تا بەدڵی خۆی لێی هەڵبژێرێت

ئافرەتەکەش بەپەلە دەرگای حەوشەکە دادەخات و پێی دەڵێ: زۆر لەمێژە من شێت و شەیدای تۆم،و چاوەڕوانی هەلێکی وابووم، ئێستاش تۆ لەنێوان دووشتدا سەرپشک دەکەم: یالەتەکما رادەبوێریت وئاواتم دێنیتە دی؟ یا دەقیژێنم وهاواردەکەم: ئەم زەلامە ویستویەتی دەست درێژیم بکاتە سەر، ئەوکاتە بەرو دراوسێ دائەبارن بەسەرتا، و سزاو ئازارێکت دەدەن مەرگی خۆت بە ئاوات !!بخوازیت!! جا کامیان هەڵدەبژێریت خۆت سەر پشک بە

محمدیش هەوڵ دەدا خەشمی خوایی وسزای پاشەرۆژی بیر !!بخاتەوە، تا واز لەوکارەی بێنێت، بەڵام بێ سوود دەبێت

خوا چارەسەرێک دەخاتە دڵیەوە، و روو دەکاتە ئافرەتەکە، و پێی دەڵێ: باشە! من لەگەڵتا رادەبوێرم، بەڵام هەروەک دەزانی من

چلکن و عارەقاویم، و نامەوێ بەم جۆرە بێمە لای تۆ، دەمەوێ خۆم بشۆرم، حەمام و ئاودەستەکەتانم پیشان بدە، تا خۆم پاک بکەمەوە..

ژنەش بەم بڕیارەی دڵخوازەکەی زۆر دڵخۆش دەبێت، خێرا ڕێی حەمام وئاودەستی پیشان دەدات، خۆیشی دەڕوات چاوی دەڕێژێ، و خۆی بۆنخۆش دەکا، وجوانترین بەرگی خۆی لەبەردەکات.. چاوەڕوانی خۆشەویستەکەی دەکات، تا بە ئاواتەکەی خۆی بگات، زۆری ناخایەنێ کە گوێی لەدەنگی محمدەوە دەبێت کە دەڵێت: خۆشەویستەکەم من ئامادەم، تۆ لەکوێیت؟!

ئەویش لەخۆشیدا دێتە دەرەوەو بەرەو دەنگەکە دەڕوات ودەڵێ: بەڵی، منیش ئامادەم!! دەیەوێ باوەشی پیا بکات، بەڵام شتێکی چاوەڕوان نەکراو دەبینێ!! دەبینێ بە پیسایی ناو ئاودەستەکە خۆی سیواق داوە، وروواڵەت وسەر وسنگ ودەستی خۆی تێ هەڵسویوە، کاتێ ئەوە دەبینێ بەپەلە دەرگاکە دەکاتەوەو پێی دەڵێ: شێتە، شێتە! یەڵڵا بۆ دەرەوە، ئەویش ئەوەند بەپەلە دەڕواتە دەرەوە، تەنانەت باوەشێنەکانیش جێ دێڵێت! و بەرەو ماڵ خۆیان دەڕوات، ئیتر گوێ نادات بەوە کە خەڵکی سەیری دەکەن و پێی پێ دەکەنن، وگاڵتەی پێ دەکەن، مادام لەم جەنگی شەیتانەدا سەرکەوتنی بەدەست هێناوە!!

کاتێ دەگاتە ماڵەوە هەموو جلو بەرگەکەی دادەکەنێ، و چەند جارێک خۆی دەشۆرێ، تابەتەواوی پاک دەبێتەوە، و پۆشاکی پاک لەبەردەکات، و زۆر دڵخۆش دەبێت، بەوەی ئیمانەکەی بەسەلامەت رزگار بووە،و ڕۆح وگیانی پیس نەبووە..

پاش ئەو ڕووداوە محمد لەناو هەرمەجلیسێکا دابنیشتایە

مەجلیسەکە بە میسک بۆندار دەبوو، مەجلیسەکە سەرسام دەبوون ئاخۆ سەرچاوەی ئەم بۆنە لەکوێوە بێت؟! کەلەمحمد نزیک دەبوونەوە، دەیان بینی سەرچاوەکەی محمدە ..

بەڵێ، ئازیزان! کاتێ محمد لاوی جوانخاسی خواناس و پارێزکار و لە خوا ترس، لەترسی ئەوەی تووشی گوناهـ نەبێ وخوای لێ نەڕەنجێ، خۆی بەو بۆگەن و بۆسارە پیسە سیواق دەدات، خوایش ڕێزی لێ دەگرێ و لەجیاتی ئەو بۆگەنە بۆنی میسکی پێ دەبەخشێ، بەهەر لایەکدا بڕۆیشتایە بۆی میسکی لێ دەهات، تاوەفاتی کرد هەر ئەوبۆنەی لێ دەهات، بەمردووییش بۆنی میسک لەگۆڕەکەی دەهات.. بۆیە پێی دەگوترێ: محمدی میسکی..!!

داواکارم خوا تەقوامان پێ ببەخشێ و لە ریزی پارێزکاراندا حەشرمان بکات ئەوانەی خوا لەبارەیانەوە دەفەرموێ: " إِنَّ الْمُتَّقِينَ فِي مَقَامٍ أَمِينٍ (51) فِي جَنَّاتٍ وَعُيُونٍ (52) يَلْبَسُونَ مِنْ سُنْدُسٍ وَإِسْتَبْرَقٍ مُتَقَابِلِينَ (53) كَذَلِكَ وَزَوَّجْنَاهُمْ بِحُورٍ عِينٍ (54) يَدْعُونَ فِيهَا بِكُلِّ فَاكِهَةٍ آمِنِينَ (55) لَا يَذُوقُونَ فِيهَا الْمَوْتَ إِلَّا الْمَوْتَةَ الْأُولَى وَوَقَاهُمْ عَذَابَ الْجَحِيمِ (56) فَضْلًا مِنْ رَبِّكَ ذَلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ (57)" الدخان/٥١-٥٧.

" إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُتَّقِينَ" التوبة/٤. " وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ مَعَ الْمُتَّقِينَ"التوبة: ٣٦. و " إِنَّ الْمُتَّقِينَ فِي جَنَّاتٍ وَنَهَرٍ، فِي مَقْعَدِ صِدْقٍ عِنْدَ مَلِيكٍ مُقْتَدِرٍ " القمر: ٥٤،٥٥. " إِنَّ لِلْمُتَّقِينَ عِنْدَ رَبِّهِمْ جَنَّاتِ النَّعِيمِ" القلم: ٣٤. هەروەها:" إِنَّ لِلْمُتَّقِينَ مَفَازًا (31) حَدَائِقَ وَأَعْنَابًا (32) وَكَوَاعِبَ أَتْرَابًا (33) وَكَأْسًا دِهَاقًا (34) لَا يَسْمَعُونَ فِيهَا لَغْوًا وَلَا كِذَّابًا (35) جَزَاءً مِنْ رَبِّكَ عَطَاءً حِسَابًا". وە " مَثَلُ الْجَنَّةِ الَّتِي وُعِدَ الْمُتَّقُونَ فِيهَا أَنْهَارٌ مِنْ مَاءٍ غَيْرِ آسِنٍ وَأَنْهَارٌ مِنْ لَبَنٍ لَمْ يَتَغَيَّرْ طَعْمُهُ وَأَنْهَارٌ مِنْ خَمْرٍ لَذَّةٍ لِلشَّارِبِينَ وَأَنْهَارٌ مِنْ عَسَلٍ مُصَفًّى وَلَهُمْ فِيهَا مِنْ كُلِّ الثَّمَرَاتِ

وَمَغْفِرَةٌ مِنْ رَبِّهِمْ..." محمد/١٥

" الْأَخِلَّاءُ يَوْمَئِذٍ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ إِلَّا الْمُتَّقِينَ (67) يَا عِبَادِ لَا خَوْفٌ عَلَيْكُمُ الْيَوْمَ وَلَا أَنْتُمْ تَحْزَنُونَ (68) الَّذِينَ آمَنُوا بِآيَاتِنَا وَكَانُوا مُسْلِمِينَ (69) ادْخُلُوا الْجَنَّةَ أَنْتُمْ وَأَزْوَاجُكُمْ تُحْبَرُونَ (70) يُطَافُ عَلَيْهِمْ بِصِحَافٍ مِنْ ذَهَبٍ وَأَكْوَابٍ وَفِيهَا مَا تَشْتَهِيهِ الْأَنْفُسُ وَتَلَذُّ الْأَعْيُنُ وَأَنْتُمْ فِيهَا خَالِدُونَ (71) وَتِلْكَ الْجَنَّةُ الَّتِي أُورِثْتُمُوهَا بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ (72) لَكُمْ فِيهَا فَاكِهَةٌ كَثِيرَةٌ مِنْهَا تَأْكُلُونَ " الزخرف /٦٧-٧٣.

" إِنَّ الظَّالِمِينَ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ وَاللَّهُ وَلِيُّ الْمُتَّقِينَ " الجاثية/١٩.

" إِنَّ الْمُتَّقِينَ فِي جَنَّاتٍ وَعُيُونٍ (15) آخِذِينَ مَا آتَاهُمْ رَبُّهُمْ إِنَّهُمْ كَانُوا قَبْلَ ذَلِكَ مُحْسِنِينَ (16) كَانُوا قَلِيلًا مِنَ اللَّيْلِ مَا يَهْجَعُونَ (17) وَبِالْأَسْحَارِ هُمْ يَسْتَغْفِرُونَ (18) وَفِي أَمْوَالِهِمْ حَقٌّ لِلسَّائِلِ وَالْمَحْرُومِ (19)" الذاريات/١٥-١٩.

" إِنَّ الْمُتَّقِينَ فِي ظِلَالٍ وَعُيُونٍ (41) وَفَوَاكِهَ مِمَّا يَشْتَهُونَ (42) كُلُوا وَاشْرَبُوا هَنِيئًا بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ (43) إِنَّا كَذَلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ (44)" المرسلات/ ٤١- ٤٤.

" وَاتَّقُوا اللَّهَ وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ " البقرة/١٩٦.

" وَاتَّقُوا اللَّهَ وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ " البقرة/٢٣٣.

" وَاتَّقُوا يَوْمًا تُرْجَعُونَ فِيهِ إِلَى اللَّهِ ثُمَّ تُوَفَّى كُلُّ نَفْسٍ مَا كَسَبَتْ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ" البقرة/٢٨١.

" زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ الشَّهَوَاتِ مِنَ النِّسَاءِ وَالْبَنِينَ وَالْقَنَاطِيرِ الْمُقَنْطَرَةِ مِنَ الذَّهَبِ وَالْفِضَّةِ وَالْخَيْلِ الْمُسَوَّمَةِ وَالْأَنْعَامِ وَالْحَرْثِ ذَلِكَ مَتَاعُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَاللَّهُ عِنْدَهُ حُسْنُ الْمَآبِ (14) قُلْ أَؤُنَبِّئُكُمْ بِخَيْرٍ مِنْ ذَلِكُمْ لِلَّذِينَ اتَّقَوْا عِنْدَ رَبِّهِمْ جَنَّاتٌ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَأَزْوَاجٌ

مُطَهَّرَةٌ وَرِضْوَانٌ مِنَ اللَّهِ وَاللَّهُ بَصِيرٌ بِالْعِبَادِ" آل عمران/١٤-١٥.

# # #

2

# وێنەی یوسف لەناوماندایە

## چیرۆکێکی مێژوویی و ڕوداوێکی واقیعییە

نووسینی

**ابن القيم الجوزية**

وەرگێڕانی

**د. حەسەنی پێنجوێنی**

## لاوەکەی سەردەمی عومەر:

ئیبنول قەییم بەرەحمەت بێ لە کتێبی (ذم الهوی) چیرۆکێکمان بۆ دەگێڕێتەوە کە لەسەردەمی هاوەڵەکاندا رووی داوە.. بەشێوەی سەنەدی فەرمووده تا دەگاتە ئەوکەسەی کە ئامادەی رووداوەکە بووە

لە سەردەمی حەزرەتی عومەردا خوا لێی رازی بێت. پێم خۆش بوو پێشکەش بەلاوانی هاوزمانی بکەم تا نمونە بێت، بۆیان و بەپشتیوانی خودا توانای خۆگرییان زیاتر ببێت لەبەرامبەر فێڵ ئیغرائاتەکانی شەیتاندا..

د. حسن پێنجوێنی

بریسبن- ئوسترالیا

٢٣/١٠/٢٠١٧

ئەمەش رووداوەکەیە:

لاوێکی ئەنساری لەسەردەمی هاوەڵە بەرێزەکاندا هەموو نوێژەکان لەپشت سەری حەزرەتی عومەرەوە ئامادەی نوێژی جەماعەت دەبێ، عومەریش خوا لێی رازی بێت زۆر خۆشی دەویست.. بەیانییەکیان لە نوێژی جەماعەتدا دیار نەبوو، عومەر هەواڵی پرسی و فەرمووی: ئەولاوەی کەهەمیشە ئامادەی جەماعەت دەبوو، هەمیشە ئامادەی دەرس و ئامۆژگاییەکان دەبوو لەکوێیە؟ عەرزیان کرد: گیراوە، زۆری پێ نەچوو بە زنجیير کراوی هێنایان لای عەزرەتی عومەر، ئەویش زۆر پێی سەیر بوو، پرسی: بۆچ وا زنجیير کراوە؟ عەرزیان کرد : ئەمە لەماڵ ئافرەتێکدا گیراوە، و ئافرەتەکەش لە تاریکی شەوا قیژاندویەتی و هاواری کردووە فریام بکەون ئەم زەلامە دەیەوێت دەست درێژیم بکاتە سەر!!

عەزرەتی عومەر دەپارێتەوە و دەڵێ: یارەبی گومانی خێرمان بەرامبەر بە چاکبونی ئەم لاوە بەفیڕۆ نەدەیت، رەنگی ئەم لاوە لەرەنگی خراپەکار و زیناکار ناچێت!! ئینجا عومەر لاوەکەی بردە کەنارێکەوەو پێی گوت: دەنگ و باست چییە؟ راستیم پێ بڵێ، چی

روویداوە؟!.

گوتی: ئەی میری ئیمانداران! پاش نوێژی عیشا کە رۆیشتمە دەرەوە، ئافرەتێکی پیری بەساڵا چووم پێ گەیشت، وگوتی: ئەی لاو! وەک دەبینی پیر بووم و توانام کزبووە، بزنێکی چەموشم هەیە دەمەوێ بیدۆشم، ناتوانم بەڵکو تۆ یارمەتیم بدەیت لە دۆشینیا!! منیش لەتەک پیرە ژندا رۆیشتم بۆ ئەوەی یارمەتی بدەم بۆ دۆشینی بزنەکەی.. دەرگای ماڵێکی کردەوەو کە من رۆیشتمە ئەو دیو، دەرکەی لەسەر داخستم.. پاش ئەوە ئافرەتێکی جوان شەنگ و شۆخ هات و شوێنی هەستیاری لە بەرچاومدا کردەوەو گوتی: دەمەوێ لەگەڵما راببوێریت.. و داوای ئەوەی لێکردم کە خوا حەرامی کردووە!!

کە زانی من رازی نیم زۆر هەتەری کرد ولێم پاڕایەوە، بەڵام من هەر

بەگوێم نەکرد، چەند جارێئیلحاحی کر و لێم پاڕایەوە هەر بەگوێم نەکرد، ئینجا پێی گوتم: تۆ لەنێوان دوو شتا سەر پشک بە، یا ئەوەتە بەگوێم دەکەیت و ئاواتم دێنیتە دی، یا ئەوەتە دەقیژێنم و هاواردەکەم: خەڵکینە! فریام بکەون، ئەم زەلامە هاتۆتە سەرم، و دەیەوێت دەستدرێژیم بۆ بکات!! ئەوسا بەرو دراوسێ دێن، و کەدەبینن تۆ لەماڵی مندایت، بروا بە من دەکەن، و پاش کوتەک کاری باڵبەستت !!دەکەن، و ئابڕویشت دەچێت!! جاخۆت سەر پشک بە

دەڵێ: منیش بیرم کردەوە موسیبەتی دنیا ئاسانترە تاموسیبەتی قیامەت، بۆیە پێم گوت: من فەرمانی خوا ناشکێنم و داوێنی خۆم پیس ناکەم، چی دەکەی بیکە!! ژنەش دەستی کرد بە شین و واوەیلا و هاوار کردن، دراوسێکان هاتن و منیان باڵبەست کرد، و لەناو ماڵەکەی ئەودا منیان گرت.. لێیان پرسی: ئەمە ویستی چی بکات؟ گوتی: بەسەر دیواردا هەڵزناوەو هاتۆتە ئەم دیوەوەبۆ ئەوەی دەست درێژیم بۆ بکات، ئەوەتە زنجیریان کردوم و هێناویانم بۆ لای بەڕێزت..

عومەر فەرمووی: پیرەژنەکە دەناسیتەوە؟ گوتی: بەناسین نایناسم، بەڵام دەتوانم لەخەڵکی تر جیای بکەمەوە،نازانم خەڵکی چ ماڵێکە لەم ماڵانەی دەورو بەرماندا..

عومەر فەرمانی دەرکرد هەرجێ پیرێژن هەیە لەو گەڕەکەدا بیان هێنن بۆلام.. ئەگەر پیرەژن دەست بداتە خراپەکاری شەیتان ناتوانێ لەگەڵیا رێ بکات، شەیتان ئەوەندە بە تێکدان و خراپەکارییەکانی سەرسام دەبێت.. پیرەژنەکان هاتن و ئەمیش سەیری دەکردن، یەکێکی نەبینی دەنگی لەدەنگی ئەو پیرەژنە بچێت، کاتێ کە داوای لێ کرد بزنەکەی بۆ بدۆشێ!! پاشان پیرەژنێک هات، و لاوەکە گوتی: ئەی میری ئیمانداران! ئەمە خۆیەتی.. عومەر بردیەە کەنارێکەوەو بە دار عەساکەی خۆی چەند دارێکی لێدا، و پێی گوت: راستم پێ بڵێ، مەسەلەی ئەم لاوە چۆن بووە؟ دەنا ناخۆشتر دەبینیت!! باسی ئەم لاوەم بۆ بکە، چۆن بوو؟! \

ئەویش گوتی: ئەمیری ئیمانداران! ئەو ئافرەتە دراوسێمان بوو، هات سکاڵای خۆی لەلا کردم، و بۆی باسکردم چۆن گیرۆدەی ئەوینی بووە، منیش کاتێ دیم ئارام و ئۆقرەی لێ بڕاوە، و تەواو شپرزەیە، بەزەییم پیایا هاتەوە، و گوتم لەرێی خوادا بەیەکیان دەگەیەنم!! ئەو فێڵەم دۆزیەوەو بەوجۆرە بردم و کردم بەماڵیاندا، تە بەیەک بگەن لەرێی شەیتاندا!! کاتێ رۆیشتە ناوماڵ بەگوێی نەکرد، و ئاواتەکەەی نەهێنایە دی، ئەویش شین و هاواری کردو، و خەڵکی رۆیشتن گرتیان

و ئەوەتە هێناویانە بۆ لای بەرێزت، ئالەویادا عومەر سوپاسی خودای کرد و گوتی: خودایە! سوپاس هەربۆتۆیە کەگومانی باشی ئێمەت بەرامبەر بەم لاوە بە فیرۆ نەدا..

# # #

بەڵێ ئازیزان! ئەمە نموونەیەکە لەو نمونانەی کە ئیمان لەدڵیاندا جێگیر دەبێت، لاوێک لە بڕبڕەی لاویەتیدا گوناهێکی وای بۆ برەخسێت،و هیچ چاودێر، و ترسێکت لەسەر نەبێ و بەڵام ترسی سزای خوایی، ترسی ئەوەی کە فەرمان شکاندنی خوا چەند گەورەیە، لەو گوناه و تاوانە خۆت بگریت و تەحەممولی ئەو هەموو ئابرو چون و زەحمەتە بکەیت، و دڵ و دەروونت بە گوناه و بی ئەمری خوا پیش و چەپەڵ نەکەیت!! بۆیە عومەر خوا لێی رازی بێت دەستی بەگریان کرد و فەرمووی: سوپاس بۆ ئەو خودایەی کە لەناو ئەم ئوممەتی ئیسلامەدا کەسانێکی پیشاندام لە نەبی یوسف بچن!!

ئازیزان تەنیا ئیمانە لاوان لەوتاوانانە بپارێزێت، بۆیە پێغەممەری خودایش ئەوانەی بە تاقمێک داناوە لەو حەوت تاقمەی لەرۆژی قیامەتدا لەسایەی رەحمەتی خوادا دەبن کەهێچ سایەیەک نییە جگە لەسایەی رەحمەتی ئەو[(١)]، ئەوەتە دەفەرموێ: تەنانەت ئەگەر خوا نەخواستە لە غەفڵەتی ئیمانەکەیدا سەرسمی داو تووشی تاوانێکی وا بوو، ئیمانەکەی خەوی لێ دەزرێنێ، و دەرزی ئاژنی دەکات، کەبۆچ تاوانی وای کردووە.؟ بۆیە ئەوکاتەش زووبەزوو پەشیمان دەبنەوە، و داوای لێ خۆشبوون لە پەروەردگاریان دەکەن.. ئەوەندە پەشیمان دەبێتەوە شەیتان دەڵێ سەد بریا ئەم گوناهەم تووش نەکردایە ئەوەتە خوا گوناهەکەیشی بۆ دەگۆڕێت بە چاکە..[(٢)].

(١)" سَبْعَةٌ يُظِلُّهُمْ اللهُ تَعَالَى فِي ظِلِّهِ يَوْمَ لَا ظِلَّ إلاَّ ظِلُّهُ: إمَامٌ عَدْلٌ، وَشَابٌّ نَشَأَ فِي عِبَادَةِ اللهِ، وَرَجُلٌ قَلْبُهُ مُعَلَّقٌ فِي الْمَسَاجِدِ، وَرَجُلَانِ تَحَابَّا فِي اللهِ اجْتَمَعَا عَلَيْهِ وَتَفَرَّقَا عَلَيْهِ، **وَرَجُلٌ دَعَتْهُ امْرَأَةٌ ذَاتُ مَنْصِبٍ وَجَمَالٍ فقال: إنِي أخَافُ اللهَ** وَرَجُلٌ تَصَدَّقَ بِصَدَقَةٍ فَأَخْفَاهَا حَتَّى لَا تَعْلَمَ شِمَالُهُ مَا تُنْفِقُ يَمِينُهُ وَرَجُلٌ ذَكَرَ اللهَ خَالِيًا فَفَاضَتْ عَيْنَاهُ" رواه البخاری ومسلم.

(٢)" وَالَّذِينَ لَا يَدْعُونَ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ وَلَا يَقْتُلُونَ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ وَلَا يَزْنُونَ وَمَنْ يَفْعَلْ ذَلِكَ يَلْقَ أَثَامًا، يُضَاعَفْ لَهُ الْعَذَابُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَيَخْلُدْ فِيهِ مُهَانًا، إِلَّا مَنْ تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ عَمَلًا صَالِحًا فَأُولَئِكَ يُبَدِّلُ اللَّهُ سَيِّئَاتِهِمْ حَسَنَاتٍ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَحِيمًا " الفرقان/٦٨- ٧٠.

.ئەمشەو لەسەر پەیجەکە بڵاوم کردەوە: ٢٣/١٠/٢٠١٧

# # #

3

# ئەوەی عەیبی خەڵکی بپۆشێ

## خودایش عەیبی دەپۆشێ

نووسینی:
شێخ شمس الدین زەهەبی

وەرگێڕانی:
حەسەنی پێنجوێنی

## ئەوەی عەیبی کەسێ بپۆشێ خودایش عەیبی دەپۆشێ

ئەوەی ئابڕووی کەسێک بپارێزی خودا لە دنیاو قیامەتا ئابڕووی دەپارێزێ

بۆ ئەوەی کەرامەت وئابرووی خەڵکی پارێزراو بێ پێغەمەری خودا صلی الله علیه وسلم لە زۆر فەرموودەدا پاداشتی گەورە و خێری زۆری بۆ ئەوانە داناوە کەعەیب وعاری خەڵکی دەپۆشن و ناویان نازڕێنن.. لەفەرمودەیەکی دروستا کە حاکم بومان دەگوێزێتەوە دەفەرموێ: پێغەمەر صلی الله علیه وسلم فەرموویەتی: " مَنْ رَأَى عَوْرَةً فَسَتَرَهَا كَانَ كَمَنِ اسْتَحْيَى مَوْءُودَةً مِنْ قَبْرِهَا" واتە: ئەوەی عەیبێکی بینی و پەردەپۆشی کرد، وەک ئەوە وایە زیندە بەچاڵکراوێکی لەگۆڕەکەیا زیندو کردبێتەوە..

لەفەرمودەیەکی دروستا کە موسلیم بۆمان دەگوێزێتەوە دەفەرموێ:" مَنْ سَتَرَ مُسْلِمًا، سَتَرَهُ اللهُ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ " واتە: ئەوەی موسوڵمانێک داپۆشێ وناوی نەزڕێنێ، خوا لە دنیاو قیامەتدا عەیبی دەپۆشێ.. ئەڵبەت ئەم پۆشینە بۆ کەسانێکە کە ئالوودە نەبووبن بە گوناهـ و خراپەوە.. بەڵام ئەوانەی بووەتە کار و پیشەیان ئیمامی نەوەوی دەفەرموێ دەبێ دەسەڵاتداریان لێ ئاگادار بکرێتەوە، بەڵام هەر نابێ لەناو خەڵکا باس بکرێن، چونکە باسکردنەکەشی دەبێتە هۆی تەشەنەکردن و زۆربوونی گوناهـ لەناو خەڵکیدا..

ئەڵبەتە سوننەتی خوا لە بوونەوەردا وایە: ئەوەی پارێزگاری لە شەرەف و ئابرووی موسوڵمانان بکات خوا پارێزگاری لە شەرەف و ئابرووی دەکات، ئەوش کە بییەوێت ئابرووی موسوڵمانان ببات و ناویان بزڕێنێ، بێگومان خوا لەناو خەڵکێکی زۆرترا دەیان زڕێنێ و ئابروویان دەبات، ئەوەتە پێغەمەری خوا صلی الله علیه وسلم دەفەرموێ: " يَا مَعْشَرَ مَنْ آمَنَ بِلِسَانِهِ وَلَمْ يَدْخُلِ الْإِيمَانُ قَلْبَهُ لَا تَغْتَابُوا الْمُسْلِمِينَ وَلَا تَتَّبِعُوا عَوْرَاتِهِمْ فَإِنَّهُ مَنْ يَتَّبِعْ عَوْرَاتِهِمْ يَتَّبِعْ اللهُ

عَوْرَتَهُ وَمَنْ يَتَّبِعِ اللهُ عَوْرَتَهُ يَفْضَحْهُ فِي بَيْتِهِ". واتە: ئەی ئەوانەی بەزمان ئیمانتان هێناوەو ئیمان نەڕۆیشتۆتە ناو دڵتانەوە، لەپاش ملە بەخراپی باسی خەڵکی مەکەن، بەشوین عەیب وعاریانا مەگەڕێن، بێگومان ئەوەی بەشوێن عەیبی خەڵکیدا بگەڕێ خوا بەشوێن عەیبیدا دەگەڕێ، ئەوەش خوا بەشوێن عەیبیدا بگەڕێ خوا ئابڕوی دەبات و فەزحی دەکات.. (#)

کەسانێک هەن هێچ خەمێکیان نییە جگە لەرابواردن بەباسکردنی عەیب وعاری خەڵکی و ناوزڕاندنیانەوە نەبێ.. خۆئەگەر ژیان نامەکەیان بپشکنی پڕە لە عەیب وعار، و شتی وای تێدایە ئینسان بە بیستنی عارەقی شەرمەساری دەردەدات! هەمومان گوناهـ دەکەین، بەڵام باشترینمان ئەوکەسەیە زوو دەگەڕێتەوەو تۆبە دەکات..

بانمونەیەکتان لەناو دڵی کتێبەکانی مێژووی دێریندا بۆبێنمەوە، کە

گەورە پیاوی چۆن هەبووە!! و چۆن عەیبی کەسانی لێ قەوماویان پۆشیوە؟!

شێخی زەهەبی لە کتێبە ناودارەکەی خۆی:(سير أعلام النبلاء- سییەر ئەعلامول نوبەلائ) دا باسی گەورەپیاوێک دەکات کە لەساڵی ٢٧٢هـ کۆچی دوایی کردووە.. ئەم پیاوە یەکێک بووە لە زانا ناودارەکانی زانیاری فەرمووده، (ئیبنو مەندە- ابن مندة)ی فەرموودەزان (محدث) لەبارەیەوە دەفەرموێ: چل ساڵ دەبێ ئەم شارەی ئێمە فەرموودە زان(محدث)ێکی وای تیا هەڵ نەکەوتووە!! بەدرێژی باسێ پارێزکاری و عیبادەتی دەکات، ئەم زانایە لە ئەسفەهاندا پێگەیشتووە.. یەکێک بووە لە قوتابییەکانی(ئەبو نوعەیمی ئەسفەهانی)، ئەبو نوعەیم لە بارەی سەخاوەتمەندی ودەست کراوەیی ئەو زانایەوە دەفەرموێ: لەبنەماڵەیەکی خانەدانی دەوڵەمەند بوو، زیاد لە سێ سەد هەزار درهەمی بۆ قوتابیانی زانست وفێرخوازانی زانیاری خەرج کردووە! (ئیبنو نەججار) لەبارەیەوە دەڵێ: ئەم پیاوە یەکێک بووە لە پێشەوا متمانە پێکراوەکان، بەڕێز و بەویژدان بووە، رۆیشتووە بۆ شام میسر و عیراق..

ماوەیەکی زۆر لەبەغدا ماوەتەوە، و خەڵکێکی زۆر ناسیویانە، ئەم زانایە کە ناوبانگی زانایی و وەرع و تەقوای بڵاودەبێتەوە، دەبێتە جێ متمانەی خەڵکی، خۆێ رووداوێکی سەیر دەگێڕیتەوە کەبابەتی باسەکەی ئێمەیە.. دەفەرموێ: شەوێک لەبەغدادا ئافرەتێک هات بۆلام و بۆی باسکردم کە کچی یەکێکم لەو خەڵکە، وتوشی بەلایەکی گەورە بووم، و دەست درێژی کراوەتە سەرم و لەو دەست درێژییەدا سکم پڕ بووە، ئێستاش پەنام بەخوا هێناوە پاشان بەتۆ، دام بپۆشەو ئابڕوم مەبە، زانیومە کە تۆ پیاوێکی ئاوهایت هەرکەس لێی پرسیوم، گوتومە: من شوم بە(أحمد بن مهدي) کردووە، و ئەم سکەم منداڵی ئەوە، ئێستاش تکات لێ دەکەم ئابڕوم مەبە، و فریام بکەوە خوا فریات بکەوێت!!

من گوێم لەقسەکانی گرت و بێدەنگ بووم، (کە ئافرەت زانی بێدەنگی نیشانەی رەزایە هەستا و) رۆیشت. پاش ماوەیەک منداڵێکی بوو، کاتێکم زانی ئیمامی مزگەوت و کۆمەڵێک بەرودراوسێ هاتن بۆ پیرۆزبایی پێگوتنم، بەبۆنەی لەدایکبوونی ئەو منداڵەوە.. منیش

لەبەرچاو ئەواندا خۆشی و شادیم دەربڕی و رۆیشتمە ژوورەکەی خۆمەوە، و دوو دینار (سەد درهەم)م هێناو دام بە ئیمامەکەو گوتم: خۆت دەزانی من ئەو ئافرەتەم تەلاقداوە، بەلام من لەسەرمە خەرجی و نەفەقەی منداڵەکە بکێشم، تکات لێ دەکەم ئەم (سەد درهەم)ە بدە بە دایکی منداڵەکە بابۆی خەرج بکات، و پێیشی بڵێ کەهەمو سەری مانگێک من ئەو ئەندازەیە لەئەستۆ دەگرم و ئێوەش بەشاهێدبن من بۆی دەنێرم..

بەم شێوەیە بەردەوام بووم – مانگانە ئەو بڕە پارەیەم بۆ دەناردن- بێ ئەوەی منداڵ و دایکەکەی ببینم.. نزیکی دوساڵ بەسەر ئەم وەزعەدا تێپەڕی و منداڵەکە مرد، ماڵ ئاوایی لەدایکی و دنیای فانی کرد.. خەڵکی گەڕەک دەهاتن بۆ سەردانم، تا پرسەو سەرخۆشیم پێ بڵێن.. منیش وام پیشان دەدا کەبەو رووداوە دڵگران و خەفەت بارم،و بۆ مردنی منداڵەکە نارەحەتم، بەلام بە قەزا وقەدەری خوا رازیم .. خوا

ئاگای لێیە هەر لەواقیعیشدا دڵم نارەحەت بوو، بەتایبەت کەوەزعی ئەو دایکە کڵۆڵەم دەهێنا بە خەیاڵمدا ودەبێ ئێستا لە چ حاڵێکدا بێت.

شەوێک دایان لەدەرگا، کەدەرگام کردەوە، دەبینم ئەو ئافرەتەیە کە منداڵەکەی مرد، کیسەیەکی پڕ لەپارەی بەدەستەوەیە، بەگریانەوە گوتی: ماڵت ئاوەدان بێ، ئەمە هەموو ئەو پارانەیە کە هەموو مانگێ لەماوەی ئەم دوو ساڵەدا بە ئیمامی مزگەوتەکەدا بۆ منت ناردووە ، خوا عەیبت داپۆشێ، هەروەک منت داپۆشی.. هەرچی هەوڵم دا لەتەکیا کە لێی وەرنەگرمەوە بێ سوود بوو.. دوعای خێری زۆری کرد و رۆیشت..

**ساڵێک بەسەر ئەو روداوەدا تێپەڕی، ئافرەتەکە شووی بەبازرگانێک کرد، کە پیاوێکی بەرێزو جوامێر بوو.. منیش خوای باڵا دەست دەرگایەکی فراوانی رزقی لێ کردمەوە، رزقێکی وای بۆ ناردم کە هەرگیز نەهاتبوو بە خەیاڵمدا..**

**١٤/٢/٢٠١٦ لە ٣١ دەقیقەی بەیانیدا بڵاوم کردەوە.**

عَنْ أَبِي بَرْزَةَ الْأَسْلَمِيِّ رَضِيَ الله عَنْهُ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى (#) اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: "يَا مَعْشَرَ مَنْ آمَنَ بِلِسَانِهِ وَلَمْ يَدْخُلِ الْإِيمَانُ قَلْبَهُ لَا تَغْتَابُوا الْمُسْلِمِينَ وَلَا تَتَّبِعُوا عَوْرَاتِهِمْ فَإِنَّهُ مَنْ يَتَّبِعْ عَوْرَاتِهِمْ يَتَّبِعْ اللَّهُ عَوْرَتَهُ وَمَنْ يَتَّبِعِ اللهُ عَوْرَتَهُ يَفْضَحْهُ فِي بَيْتِهِ". أخرجه أحمد (، 4/420 رقم 19791)، وأبو داود (4/270 ، رقم 4880)، والبيهقي (، 10/247 رقم 20953) . وأخرجه أيضًا: ابن أبى الدنيا فى الصمت (ص 121 ، رقم 168) ، وأبو يعلى (13/419 ، رقم 7423) . وصححه الألباني ((المشكاة ، 5044

# # #

سير أعلام النبلاء / الطبقة الرابع عشر، ١٢/٥٩.

# 4

# ئەوەی

# لەبەر خوا واز لەحەرامێك بێنێ،

# خوا بەحەڵاڵی دەیکاتە نسیبی

نووسینی

**الشيخ علي الطنطاوي**

وەرگێڕانی

**د.حەسەن پێنجوێنی**

## ئەوەی لەبەر خوا واز لەحەرامێك بێنێ،
## خوا بەحەڵاڵی دەیکاتە نسیبی

شێخ عەلی تەنتاوی بەرەحمەت بێ لەیاداشتەکەیا دەگێڕێتەوە و دەڵێ: لە دیمشقدا مزگەوتێکی گەورە هەبوو پێیان دەگوت: مزگەوتی تەوبە، مزگەوتەکە لەگەڵ ئەوەدا مزگەوتێکی موبارەک و پیرۆز بوو، جوانی وقەشەنگییەکی تایبەتیشی هەبوو. هۆی ناو نانی بەتەوبە ئەوەبووە کاتی خۆی جێگەی ئەم مزگەوتە خان بووە، و هەموو جۆرە گوناهێکی تیا کراوە، یەکێ لە پاشاکانی سەدەی حەوتەم دەیکڕێ و دەیکات بە مزگەوت..

نزیکەی حەفتا ساڵێك مامۆستایەکی زاناو بەتوانا لە پەروەردەکردنی موسوڵمانان و بۆخوا سوڵحاو لەو مزگەوتەدا دەبێت، بەناوی شێخ سەلیمی سیوتی.. خەڵکی گەڕەك بۆ وردو درشتی کاریان متمانەی تەواویان پێی دەبێت،و بۆ پرسی دینی و دنیاییان سەریان لێ دەداو پرسیان پێ دەکرد، لەناو ژوورێکی مزگەوتەکەشدا قوتابییەکی زۆر پارێزکار و دەروون بەرز، و بێ تەماحی تیا دەبێت..

ئەم قوتابییە دوو رۆژی تەواو هیچ نابێ بیخوات، و خۆیشی هیچی نییە تا نانی پێی بکڕێت، ونانیش لەمالیدا نییە!! لەرۆژی سێهەمدا

هەست دەکات خەریکە بەرەو مردن دەچێت، بیبیردەکاتەوە بزانێ چی بکات؟ پێی وادەبێت گەیشتۆتە سنووری ئەو ناچارییەی گۆشتی مردارۆبوو، یا دزیکردن بەقەدەر پێویست حەڵاڵ بێت بۆی... پێی وادەبێ ئەگەر شتێکی کەم بدزێ بۆ ئەوەی لەبرسا نەمرێ، شەرعەن گوناهبار نابێت..

مامۆستا تەنتاوی دەڵێ: ئەم چیرۆکە واقیعییەو روویداوەو یەك بەیەکی کەسەکانی دەناسم، و درێژەی باسەکەیش بەتەواوی دەزانم..

کردەوەی ئەو قوتابییە دەگێڕمەوە، و باسی ئەوە ناکەم لەناحییەی شەرعەوە ئەوکارەی کارێکی خێر یا شەر بووە، یا ئەوکارەی کارێکی دروست یا نادروست بووە!!

مزگەوتەکەش لەیەکێ لەگەڕەکە کۆنەکانی شاردا دەبێت، ئەو گەڕەکانەش ماڵەکانیان بەتەنیشت یەکەوە بوون، سەربانەکانیان پێکەوە لکابوو، هەرکەس دەیتوانی لەسەربانێکیانەوە بگاتە دواین ماڵی گەڕەك. کوڕەش دەڕواتە سەربانی مزگەوت، و دەیەوێت بڕواتە یەکەم ماڵی هاوسێی مزگەوت، دەبینێ ئافرەتانی تێدایە، چاوی خۆی لا دەدات، و دوور دەکەوێتەوە، و سەیر دەکات خانووەکەی تەنیشتی کەسی تیا نییەو بۆنی خواردنێکی خۆشی لێ دێت.. لەتاو برسیەتی زۆر، بۆنەکە وەك موگناتیز رای دەکێشێ، و خانووەکانیش یەك نهۆم دەبن، لەسەربانەکەوە دوو باز دەدات و دەچێتە ناو خانووەکەوە، و گورج بەرەو چێشتخانەکە دەڕوات، و سەری قابلەمەکە لادەدات، دەبینێ باینجانی پڕ لەگۆشت {شێخ مەحشی} تێدایە، لەتاو برسیەتی ئاگای لە گەرمی وساردی نییە، و دانەیەکیان دەردێنێ وقەپێکی لێدەگرێت، هێشتا بەتەواوی قووتی نادات کە هۆشی دێتەوە سەر خۆی و دینەکەی دەکەوێتە سەر زەنشتی: تۆ چۆن ئەم کارەت کرد؟ تۆ قوتابییەکی نیشتەجێی مزگەوتی، تۆ دەڕۆیت ماڵی موسوڵمانان دەبڕیت؟ و دزی دەکەیت.. پەنا بەخوا بگرە!!

ئەمیش پەشیمان دەبێتەوەو داوای لێخۆشبوون لەخوا دەکات، و باینجانەکە دەخاتەوە ناو مەنجەڵەکە، و دەگەڕێتەوە بۆ شوێنی خۆی.. و دەڕواتە ناو مزگەوتەوە..و دەچێتە ناو ئەڵقەی کۆڕی زانیاری شێخەوە، بەڵام بەهۆی برسییەتییەوە لەوانەیە هیچ حاڵی نەبووبێ..

کاتێ دەرسەکە تەواو دەبێت، و خەڵکەکە بڵاوەی لێ دەکەن دەبینی ئافرەتێکی داپۆشراو دێت، هەرچەند لەوسەردەمەدا ئافرەتی دانەپۆشراو نەبوو.. ئافرەتەکە قسە لەگەڵ شێخدا دەکات و ئەم نازانێ باسی چی دەکەن..

شێخیش بەدەوری خۆیا ئاوڕ دەداتەوە ئەو قوتابییەی دەبینێ، بانگی دەکات، و لێی دەپرسێ: تۆ ژنت هەیە؟ دەڵێ: نەخێر..شێخ پێی دەڵێ: دەتەوێ ژن بێنیت؟ کوڕە ماوەیەك بێدەنگ دەبێت.

شێخ پێی دەڵێ: دەتەوێ ژن بێنی؟ دەڵێ: قوربان! ژنهێنان خەرجی دەوێت.. و منیش پارەی کولێرەیەکم نییە.. هەرهیچم نییە..ئیتر بەچی ژن بێنم؟!

شێخ دەڵێ: کوڕم! ئەم ئافرەتە پێی گوتم: ماوەیەکە مێردەکەی مردووە، و لەم شارەدا غەریبە، و نەک لەم شارەدا، بەڵکو لەهەموو دنیادا تەنیا مامێکی پیری هەیە، و لەتەك خۆیا هێناویەتی، و هێمای بۆکرد کە لەکونجێکی مزگەوتەکەوە دانیشتووە، ئێستاش ئەم ئافرەتە خانووی مێردەکەی و معاشەکەی و سامانەکەی بۆ بەجێ هێشتووە، و پێی خۆشە پیاوێکی روو لەخوای دەست بکەوێت، و لەسەر سوننەتی خواو پێغەمەرەکەی شووی پێ بکات، تا بەتەنیایی نەمێنێتەوە، و کەسانی حەرامزادەو خراپەکار تەماحی تێنەکەن.. ئێستا دەتەوێ مارەی بکەیت؟!

ئەویش دەڵێ: بەڵێ..

شێخ لەژنەکە دەپرسێ: رازیت شووی پێ بکەیت؟ دەڵێ: بەڵێ..

مامەی ژنەکە و دوو شاهێد بانگ دەکات و هەر لەویا بۆی مارەدەبڕێت.. شێخ مارەییەکەی بۆ دەدات.. دەستی یەکتر دەگرن و دەگەڕێنەوە بۆ ماڵەکەی خۆیان.. کاتێ گەیشتنەوە ناو ماڵ و رووی خۆی دەرخست، دیتی لەوپەڕی جوانی و لاویدایە.. دیتی خانووەکەش هەر ئەو خانووەیە کە ئەم هات و قەپە باینجانەکەی لێخوارد..

ئافرەت لێی دەپرسێ: نان بێنم ؟ دەڵێ: بەڵێ..

ژنەکە سفرە رادەخات و چێشتەکە دادەنێت، دەبینێ باینجانێکیان قەپێکی لێدراوە!! ئەویش بەسەر سامییەوە دەڵێ: خۆ من لێم نەخواردووە .. دەبێ کێ هاتبێت و ئەم قەپەی لێ گرتبێت؟!!

پیاوەکە دەست بەگریان دەکات، و باسەکەی بۆ دەگێڕێتەوە.. ئەویش دڵخۆشی دەداتەوەو دەڵێ: خۆت لە باینجانێکی حەرام پاراست خوای بالادەست خانوەکەو خاوەنەکەیشی بە حەلالی پێ بەخشیت.." وَكُلُوا مِمَّا رَزَقَكُمُ اللَّـهُ حَلالا طَيِّبًا، وَاتَّقُوا اللَّـهَ الَّذِي أَنتُم بِهِ مُؤْمِنُونَ " المائدة/ ٨٨.

لەو ڕزق و ڕۆزییە حەڵاڵ و پاکانە بخۆن کە خوا پێی بەخشیوون، لەو خوایە بترسن کە ئێوە هەمیشە باوەڕی دامەزراوتان پێیەتی..

کەوابوو با(خۆمان لە ماڵی حەرام بپارێزین).

# # #

5

# ئەو عابیدەی دەپەنجەی خۆی

# سووتاند

نووسینی :

ابن القيم الجوزية

وەرگێڕانی:

د. حەسەنی پێنجوێنی

لەبارەی داوێن پاکییەوە چیرۆکی واقیعی و ڕووداوی ڕاستەقینە زۆرن، هەرلەسەردەمی حەزرەتی یوسفەوە تا ئەم سەردەمەی خۆیشمان، لەوانەیە بەشێکی زۆری خوێنەران چیرۆکی عابیدەکەیان بیستبێت، کە ناوبەناو دەرۆی بۆ ناو ئاوایی و ئامۆژگاری بوغراو دەوڵەمەندەکانی دەکرد کە: ڕوبکەنە خوداو سنووری خوا نەشکێنن، و داوێن پاک بن، و لە زینا و خراپەکاری خۆیان بپارێزن، ئەوانیش بەقسەکانی قەڵس دەبوون، و لە جیاتی ئەوەی بەگوێی بکەن و سوپاسی بکەن، پیلانێکی شەیتانیانەی بۆ دەسازێنن، تادەرسێکی وای دا بدەن، جارێکی تر ڕووی نەیەت باسی پاکداوێنی بکات.

ئەوەبوو پەنایان بردە بەر ئافرەتێکی لەش فرۆش، بۆئەوەی بتوانێ بە فێڵ و گزی بیخاتە ناو داوی خۆیەوە، بەئافرەتیان گوت: چیت بوێت بۆت دابین دەکەین بەمەرجێ بتوانی، ئەم عابیدەمان لەکۆڵ بخەیتەوە، چونکەهەموو جارێک ئامۆژگاریمان دەکات و سەر و دڵمان دەگرێت، و دەڵێت لە خوا بترسن، و سنوورەکانی مەبەزێنن!!

ئافرەتی لەشفرۆش ڕازی دەبێت،و لەشەوێکی ساردی زستانیدا کۆمەڵێک لەدەرەبەگەکانی ئاوایی لەگەڵ خۆیانا دەیبەنە نزیکی ئەشکەوتەکە، ئەو دەنێرن و خۆیشیان حەشار دەدەن، تابزانن ئەم فێڵبازە دەتوانێ بیان گەیەنێ بە مەبەستەکەی خۆیان؟!

ئافرەت دەچێتە بەردەرگای ئەشکەوتەکەوەو بە گریانێکی دروستکراوەوە هاوار دەکات: بۆ خاتری خوا سەرم لێشێواوە،و ڕێگام لێ ون بووە، خەریکە لەسەرمادا ڕەق دەبمەوە دەرگام لێ بکەنەوە، کابرای عابیدیش گوێی لەدەنگەکەوە دەبێت زۆر بەزیی پیایا دێتەوە، بەڵام دەنگەکە دەنگی ئافرەتە، ئەم کەسێکی ڕەبەندەو ئەویش ئافرەت و لەم شوێنە چۆڵەدا چۆن بتوانێ خۆی بپارێزێ و تووشی گوناهـ

نەبێت؟!

لەم لایشەوە ئەگەر دەرگای لێ نەکاتەوە لەوانەیە سەرما رەقی بکاتەوەو تیا بچێت، خۆ ئەگەر تیا بچێت ئەم دەبێتە هۆی تیا چونی، و وەک ئەوە وایە قەتڵێکی کردبێ، لەم سێ و دووەی دڵێ خۆیا دەبێت ئافرەتەیش زوو زوو دەدات لەدەرگا و دەڵێت: تو خوا بۆم بکەنەوە وا خەریکە سەرما دەمکوژێت!!

عابید رودەکاتە خودا و دەپاڕێتەوە دەڵێ: خوایە گیان! ئەوا لەترسی غەزەبی تۆ دەرکەی بۆ دەکەمەوە، تۆیش بە میهرەبانی خۆت بم پارێزە!!

دەڕوات دەرگای بۆ دەکاتەوە، عابید لەگۆشەیەکی ئەشکەوتەکەوە ئاگری کردۆتەوە، بەئافرەت دەڵێ بڕ ۆ بۆ لای ئاگرەکە، و خۆیشی بییر دەکاتەوە ئەگەر دەرگای ئەشکەوت بە کراوەیی بەجێ دێڵێ، لەوانەیە هەردویان رەق ببنەوە، ئەگەر پێوەی دەدا، خەلوە دروست دەبێت.. پشت بەخودا بۆ ئەوەی تووشی دوو قەتل نەبێت، دەرگاکەش پێوە دەدا..

پاش ئەوە کە ئافرەت گەرم دەبێتەوە لەچکی سەری لا دەبات و سینگ و نیوان هەردو مەمکی دەردەخات، و بەلەنجەو لارێکەوە بەرەو لای عابید دەچێت، وچاوی تێ دەدەبڕێت، و دەڵێ: ماشەڵڵات لێ بێ، چەند خواناس و روو لەخوایت!!

عابید سەر بەرز دەکاتەوەو چاوی بەچاوی ئافرەت دەکەوێت گێرۆدەی داوی دەبێت..!! خێرا بییری سزای دۆزەخی دەکەوێتەوە، کەخوا هەڕەشەی توندی لەوکەسانە کردووە زینا دەکەن، و بەشێوەیەکی ناشەرعی کاری سیکسی ئەنجام دەدەن.. بۆیە عابیدیش دەچێتە لای چراوگەکەوە و بەدەروونی خۆی دەڵێ: من پەنجەیەکم دەخەمە سەر ئاگرەکە، ئەگەر توانیت خۆت لەبەریا بگریت، ئەوا دەتوانی لەبەر ئاگری دۆزەخیشدا خۆت بگریت! پەنجەی شایەتمانی لەسەر ئاگرەکە دادەنێ، تا قرچە قرچ دەسووتێ، وبێهۆش دەکەوێت!! کاتێ هۆش دەکاتەوە، دەبینێ دەروونی هەر داوای رابواردن دەکات!! جارێکی تر پەنجەیەکی تری دەخاتەوە سەر ئاگرەکە، و بەهەمان شێوەی پێشوو دەسووتێت، و لەهۆش خۆی دەچێت..!! بەم شیوەیە کابرای عابید هەر دەپەنجەکەی خۆی دەسووتێنێ، ئافرەتەش کە ئەم دیمەنە دەبینێ، لە ترسانا وەختە زیرە بکات!! بوغراو دەرەبەگەکانیش لەدەرەوە چاوەروانن، چراکە خامۆش ببێت، و کەش و هەوایەکی رۆمانسی دروست ببێت، و لەو کاتەدا بڕۆنە ژوورەوە کە خنجەر لەکێلاندایە، و پەت بخەنە ملی عابید و بەناو ئاواییدا بیگێڕن،، و سەرزەنشتی بکەن و بەخەڵکی بڵێن: خەڵکینە! ئەمە ئەو پیاوە بوو کە هەموو جارێ دەهات بۆ ناومان، و سەر و دڵی دەگرتین، و دەیگوت: لە خوا بترسن، و خۆتان لە شەرواڵ پیسی بپارێزن.. کەچی ئەوەتە خۆیشی لەگەڵ ئەو لەش فرۆشەدا رادەبوێرێت!!

بەڵام نووری رۆشناییەکە نەک هەر کز نەبوو، بەڵکو پرشنگی زیاتر، و

شەوقی فراوانتر بوو، بۆیە پەتی سەبریان پچڕی، و پاڵیان بە دەرگای ئەشکەوتەکەوە نا، و دەرگایان شکاند و رۆیشتنە ژوورەوە، تابزانن

چی رووی داوه؟!

ئەوان هەرگیز لەوبڕوایەدا نەبون ئەوناکاوە ببینن، دییان ئەشکەوت پڕ لە دووکەڵی گۆشتی برژاو بووە، عابید لەولاوە بێهۆش کەوتووە، ئافرەتەکە زۆر پەرێشانە!! رووی کردە بوغراو دەرەبەگەکان و پێی گوتن: ماڵتان کاول بێت، هەروەک ئەم پەنەتان بەمن دا!! ئەوا من خەریکم دەمرم و نزیکە تیا بچم، ئێوە بەشایەت بن، پەشیمانم لەوتاوانانەی کردوومە، هیوادارم خوا لێم قبووڵ بکات، داوالەئێوەش دەەکم لەو تاوانانەتان پەشیمان ببنەوە،و رووبکەنە خوا، تا بۆ هەمیشەیی لەناو سزاو ئازاری بەسوێی دۆزەخدا نەتلێنەوە..

# # #

سەرچاوە:

لە لاپەڕە ١٠٠ کتێبی "الزهد"ا ئیمام ئەحمەد بەسەرهاتی ئەم عابیدە باس دەکات.. ئیبنول قەییمیش لە لاپەڕە ٤٦١ کتێبی " روضة المحبين " دا لە عەبدوڵڵای کوڕی وەهەبەوە ریوایەتی دەکات، کەئەویش لەباوکییەوە ریوایەتی دەکات ، باوکی یەکێ بووە لە زاناکانی یەهوود کە ئیمانی هێناوە، ژمارەیەکی زۆر چیرۆکی بەنی ئیسرائیلی لە رێی ئەوە هاتۆتە ناو فەرهەنگی ئیسلامییەوە..

# # #

# 6

# ئەم بۆ دۆزەخی دەبرد، و ئەویش رێی بەهەشتی نیشان دەدا!

**چیرۆکێکی پەروەردەیی مێژووییە لەبارەی پاکداوێنییەوە**

**نووسینی:**

## الإمام أحمد العجلي

**وەرگێڕانی:**

## د. حەسەنی پێنجوێنی

ئیمامی عیجلی بەرەحمەت بێ ڕووداوێکی سەیرمان لەبارەی پاکداوێنی گەنجێکی موسوڵمانی سەردەمی خۆیەوە بۆ دەگێڕێتەوە و دەفەرموێ: لەشاری مەککەدا ئافرەتێکی زۆر جوان هەبوو، مێردەکەیشی زۆر خۆشی دەویست، ڕۆژێک ئافرەت دەچێتە بەر ئاوێنە و سەیری خۆی دەکات، و بەمێردەکەی دەڵێ: ئاخۆ کەسێک هەبێ چاوی بەم ڕوخسار و دەموچاوە بکەوێت و گیرۆدەی داوم نەبێ؟

مێردەکەشی دەڵێ: بەڵێ کەسی وا هەیە..

دەڵێ: کێ هەیە؟

ئەویش دەڵێ:عوبەید ی کوڕی عومەیر..(ئەڵبەتە عوبەید ی کوڕی عومەیر لەو سەردەمەدا ئیمامی مزگەوتی حەرەمی مەککە دەبێ، پیاوێکی زۆر پاکداوێن و پارێزکار دەبێت، لەهەمان کاتدا ڕۆحانییەتێکی بەهێزی دەبێ، وئامۆژیارێکی بەتواناو کاریگەریش دەبێت)

ئەویش بە مێردەکەی دەڵێ: ئەگەر تۆ ڕێم بدەیت سەرگەردانی

دەکەم!!

مێردەکەشی دەڵێ: برۆ ئەوا ئیزنم دایت..!!

ئافرەت وەک کەسێک بییەوێ پرسیاری شەرعی بکات مامۆستا دەباتە کەنارێکی مزگەوتی حەرامەوە، لەویا پەردە لەسەر رووی لادەبات..

مامۆستایش پێی دەڵێ: هەی بەندەی خوا! لەخوا بترسە..

ئافرەتیش دەڵێ: من کەوتومەتە داوی تۆوە، تۆیش سەیرێکی وەزعم بکە..

مامۆستا دەڵێ: من پرسیاری شتێکت لێ دەکەم، ئەگەر راستت پێ گوتم سەیری وەزعەکەت دەکەم..

ئەویش دەڵێ: لەبارەی هەرشتێکەوە لێم بپرسی راستت پێ دەڵێم..

دەڵێ: پێم بڵێ، ئەگەر فریشتەی گیان کێشان هات، و ویستی گیانت بکێشێ، ئایا پێت خۆشە من ئەو پێویستییەم بۆ جێبەجێ کردبێت؟!

ئافرەت دەڵێ: نەوەڵڵا..

مامۆستا دەڵێ: راستت گوت.. ئەی ئەگەر خستیتیانە ناوگۆڕەکەتەوە، و دایان نایت بۆ لێ پرسینەوە، پێت خۆشە من ئەو پێویستییەم بۆ جێبەجی کردبێت؟

دەڵێ: نەبەخودا..

مامۆستا دەڵێ: راستت گوت. ئەی ئەگەر لەوکاتەدا کە خەڵکی نامەی کردەوەکانیان وەردەگرن، تۆیش نازانی بەدەستی راست یان چەپ نامەکانت وەردەگری، پێت خۆشە من ئەو پێویستییەم بۆ جێبەجی کردبێت؟

دەڵێ: نەبەخودا..

مامۆستا دەڵێ: راستت گوت.. ئەی ئەگەر لەوکاتەدا کە خەڵکی بەسەر پردی سیراتا دەپەڕنەوە،و تۆیش نازانیت ئایا رزگارت دەبێ یان نە، پێت خۆشە من ئەو پێویستییەم بۆ جێبەجی کردبێت؟

دەڵێ: نەبەخودا..

مامۆستا دەڵێ: راستت گوت.. ئەی ئەگەر لەوکاتەدا ترازووی کێشانی کردەوەکان دادەنرێ، و تۆیش لە بەردەم ترازووەکەدا وەستاویت،و نازانی کردەوە خراپەکانت سووکن یا قورسن، پێت خۆشە من ئەو پێویستییەم بۆ جێبەجی کردبێت؟

دەڵێ: نەبەخودا..

مامۆستا دەڵێ: راستت گوت.. ئەی ئەگەر لەوکاتەدا لەبەردەم پەروەردگاردا دەوەستێنرێیت بۆ لێ پرسینەوە، پێت خۆشە من ئەو پێویستییەم بۆ جێبەجی کردبیت؟

دەڵێ: نەبەخودا..

مامۆستا دەڵێ: راستت گوت.. ئەی بەندەی خوا! خوا نیعمەتی جوانی پێ بەخشیویت، و چاکەی لەتەکا کردوویت، تۆیش لەخوا بترسە وسەرپێچی لەفەرمانەکانی مەکە.. ژن بە گریان و کوڵێ پەشیمانییەوە دەگەڕێتەوە بۆ ماڵ.. مێردەکەی لێی دەپرسێ: ها چیت کرد؟

ئەویش پێی دەڵێ: تۆ بەتاڵیت! ئێمە بەتاڵین!! بەراستی من لەحزووری ئەو پیاوە رەببانییەدا شەرمەزار بووم.. بەڵام سوپاس بۆ خوا خۆمم دییەوە..

ئافرەت پاش ئەو رووداوە دەست بە عیبادەتێکی سەرو مڕ دەکات، نوێژەکان بە فەرز و سوننەتیانەوە، رۆژوو هەروەها.. عابیدەیەکی تەواو عابیدی لێ دەر دەچێت!!

مێردەکەیشی دەڵێ: من چی بکەم لە عوبەید ژیانی لێ تێکدام؟ ئاخر

ئەو هەموو شەوێک خۆی دەکردە بووکێک بۆ من، کەچی عوبەید کردوویەتە راهیبەیەکی گۆشەگیر!!

# # #

ئازیزان چەند خۆشە! خوای باڵا دەست ئەو توانایەت پێ ببەخشێت کاتێ دەیانەوێ بەرەو دۆزخت بەرن، تۆ خۆت و ئەویش بەرەو بەهەشت بەریت!! خوا لەئاگری دۆزەخ بمان پارێزێت و بەفیردەوسی باڵامان شاد بکات. ٠٧/٠٢/٢٠١٦

لە ٦/٧/٢٠١٦دا لەسەر فەیسبووک بڵاوم کردەوە..

# # #

7

# ئەولاوەی

# لەترسی گوناھـ وەفاتی کرد:

## چیرۆکێکی پەروەردەیی مێژووییە لەبارەی پاکداوێنییەوە

نووسینی:

الإمام أبوبکرالبیهقي

وەرگێڕانی:

د. حەسەنی پێنجوێنی

بەیهەقی لە شوعەبول ئیماندا باسی دەکات کە حەسەنی بەسری گوتوویەتی ئافرەتێکی جوان و دەوڵەمەند لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتتابدا عاشقی لاوێکی خواناسی پارێزکار دەبێت، کوڕە لاوەکە یەکێک دەبێت لە پەیوولەکانی مزگەوت، زۆر جار دەدیدات بەگوێی کوڕەکەد تاکوڕە والیّ دەکات نزیکە لەتەکیا بڕواتە ماڵەوە، ئالەوکاتەدا کە خەریکە پێ بخاتە ئەودیو دەرگاوە، ئەم ئایەتەی بییر دەکەوێتەوە کە خوا دەفەرموێ: " إِنَّ الَّذِينَ اتَّقَوْا إِذَا مَسَّهُمْ طَائِفٌ مِنَ الشَّيْطَانِ تَذَكَّرُوا فَإِذَا هُمْ مُبْصِرُونَ" الأعراف/٢٠١. واتە: بێگومان ئەوانەی کە لە شیرك و کاری ناشەرعیی پارێزدەکەن، ئەگەر وەسوەسەو خەتەراتێکیان لە شەیتانەوە پێ دەگا، بەخێرایی دادەچڵەکێن و بیردەکەنەوەو لەسەر ڕێگەی خوا پێدادەگرن، دەبینی-زۆر زوو- چاویان دەکرێتەوە،و لەگوناهـ دەگەڕێنەوە..

کوڕە گەنجەکە لەترسانا دەبووڕێتەوە، کەدێتەوە هۆش خۆی، پەشیمان دەبێتەوەو داوای لێ خۆشبوون لەخوا دەکات، زۆری پێ ناچێ کۆچی دوایی دەکات، وگیان لەلاشەی جیا دەبێتەوە، و بەرەو بارەگای پڕ دادی پەروەردگاری پەرواز دەکات، هەرئەو شەوە دەینێژن، عومەری کوڕی خەتتاب سەرخۆشی لەباوکی کوڕەکە دەکات و دەچێتە سەر گۆڕەکەی نوێژی لەسەر دەکات، پێی دەڵێت: ئەی لاوی لە خواترس! مژدەبێ خوا دەفەرموێ: " وَلِمَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِ جَنَّتَانِ " الرحمن/٤٦. واتە: ئەوەی لە جێی وەستانی خۆی لەبەردەم پەروەردگاریا دەترسێ دوو بەهەشتی بۆ هەیە.. واتە تۆ یەکێکی لەوانە..

بەڵێ ئەوە بەڵێنی خودایە هەرکەسێ دەسەڵات و توانایی و مەقامی خوای بییر بکەوێتەوەو لەترسی خوا واز لەگوناهـ بێنێ، بێگومان خوا دوو بەهەشتی پێ دەبەخشێ. خوا بۆ خاتری ئیسمی ئەعزەم و ناوە شیرینەکانی تەقوامان پێ ببەخشێت و لەریزی پارێزکاران و خاوەن تەقواکاندا حسابمان بکات..

# # #

# 8

## یەعنی چی
## ئافرەت هۆی تاقی کردنەوەیە؟

**ئەم بابەتە وەڵامی پرسیاری خوشکێکە**

## نووسینی:

## د. حەسەنی پێنجوێنی

خوشکی بەڕێزم سڵاوی خوات لێ بێت

ماڵی دنیا زۆر خۆشەویستە، زۆر کەس دەبینیین بۆ ماڵی دنیا دینی دەفرۆشێ، دەستی ئەم دەبڕێ و ماڵی ئەو وێران دەکات، پیاو دەکوژێ، خۆیشی دەخاتە گەورەترین مەترسییەوە بۆ بەدەستهێنانی.. تەنانەت کاتێ خوای باڵا دەست بەکارهێنان و خەرجکردنی لە پێناو خۆیدا باس دەکات هاوکات لەتەک گیان و دەروندا باسی دەکات، ئەوەتە دەفەرموێ:" يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا هَلْ أَدُلُّكُمْ عَلَى تِجَارَةٍ تُنجِيكُم مِّنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ؟ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَتُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ **بِأَمْوَالِكُمْ وَأَنفُسِكُمْ** ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ." الصف/١٠،١١.. واتە: ئەی باوەڕداران! ئایا بۆ بازرگانییەک ڕێنوێنیتان بکەم لەسزای بەسوێ ڕزگارتان بکات؟! باوەڕ بەخوداو پێغەممەرەکەی پتەوبکەن، و لەرێی خوادا بەماڵ وگیان تێبکۆشن، ئەوە باشترە بۆتان ئەگەر ئێوە بزانن..

جا ئەم ماڵی دنیایە کە هەندێک خۆی لەپیناویا بەکوشت دەدات، و هەندێک خەڵکی لەسەر دەکوژێت، و هەندێک بۆ پارە دڵی نزیکترین کەسی خۆی دێشێنێ، و هەندێک دین و میللەت و وڵات لە پێناویا ،دەفرۆشێ.. ئەم پارەو پووڵە

خوشکە باشەکەم دڵت نارەحەت نەبێت لەو قسەیەی ئەوکەسە دەیکات.. لەوانەیە بەنەزانیین بیکات ئەوانەش کە نەزانن دەبێ دوعایان بۆ بکەین، خوا ئێمە و ئەوانیش بەرچاو رون بکات..

وەنەبێ تەنیا ئافرەت هۆی فیتنە وتاقیکردنەوە بێت، بەڵکو خۆشەویستەکانی ژیانی دنیا هەموویان فیتنەن و وەسیلەی تاقیکردنەوەو ئیبتیلان، ئەگەر بە شێوەیەکی نادروست هەنگاوت بۆ نان ئەوا دەبنە فیتنەو کارەسات!!..ئەگەر بەشێوەیەکی دروستیش تەعامولت لەتەکا کردن ئەوا دەبنە نیعمەتێکی گەورە..!!

بۆ نموونە لە منداڵ خۆشەویست تر هەیە؟! ئەوەتە هەرچی دەکەیت بۆ بەختەوەری و خۆش بەختی منداڵەکەتە، و نەمری و بەردەوامی خۆت لەبوونی ئەوا دەبینیتەوە، ئەوانن ئەگەر بە منداڵی بمرن دەبنە هۆی پاراستنی باوک و دایکیان لە ئاگری جەهەننەم، ئەوانن پاش مردنت هەر دوعایەکت بۆ بکەن، سوودت پێ دەگەیەنێت، هەر خێرێکت بۆ بکەن پێت دەگات، کەچی ئەوەتە قورئان لەبارەیانەوە دەفەرموێ: "

وَاعْلَمُوا أَنَّمَا أَمْوَالُكُمْ وَأَوْلَادُكُمْ فِتْنَةٌ وَأَنَّ اللَّهَ عِنْدَهُ أَجْرٌ عَظِيمٌ " **الأنفال** /28. بزانن ماڵ و منداڵەکانتان فیتنەن! و بێگومان پاداشتی گەورە لەلای خودایە.. بۆ حاڵی بوون و تێگەیشتن لەواتای ئەو فیتنەیە ئێمە پێویستە موراجەعەی قورئان بکەین بزانیین بۆچ فیتنەیە؟ چ کاتێک فیتنەیە؟!

ئەگەر سەرمان لە قورئان دا ئەوسا دەزانیین کە منداڵ یەکێکە لە گەورەترین نیعمەتەکانی خوا،و ئەو نیعمەتە خواییە فیتنەی رەها وموتڵەق نییە، بەڵکو کاتێک دەبێتە فیتنە کە لەبەر خاتری ئەوان خیانەت لە ئاینەکەت بکەیت، خیانەت لە بییرو باوەڕەکەت بکەیت، خیانەت لەو سپاردەو ئەمانەتانە بکەیت کە لەلایان داناوی ئەگەر سەیری ئایەتەکە بکەین دەبینین ئەم ئاگادارکردنەوە خوا ییە یەکسەر لەدوای ئەم ئایەتەی ترەوە دێت کە دەفەرموێ:" يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا

تَخُونُوا اللَّهَ وَالرَّسُولَ وَتَخُونُوا أَمَانَاتِكُمْ وَأَنْتُمْ تَعْلَمُونَ" **الأنفال** /.27 واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوەو ئیماندارن خیانەت لە خواو پێغەمەرەکەی مەکەن، و بەزانیین و ئاگادارییەوە خیانەت لە ئەمانەت و سپاردەکانتان مەکەنەوە.. کەوابوو کاتێ دەبنە فیتنە کە ئێمە باوەڕمان بە رازیقبوونی خودا نەبێ و لەبەر خاتری ئەوان خۆمان تووشی دزی و دەست بڕین و خیانەت و گەندەڵی بکەین!!

ئافرەتیش یەکێکە لەو نیعمەتە گەورانەی کە خوا ژیانی دنیای پێ رازاندۆتەوە بەبێ ئەو دنیا وێران دەبێ!! چونکە ژنە کە دەبێتە هاوسەری پیاو، هەر ژنە کە دەبێتە کچت، خوشکت و دایکت.. گەورەترین کەسی ئەم سەر زەوییە کە پێغەمەرانن لەداوێنی ژنەوە داکەوتوون، و ئەوان بەدییان هێناون!!

نەی بۆچی ئەم نیعمەتە گەورەیە دەبێتە فیتنە؟ زانایان دەڵێن: خۆشەویستی ئافرەت لای پیاوان شتێکە لە جیبیللەت و خوڵقەتی پیاواندا دروست کراوە،و لە سەدا ٩٠% ی خۆشەویستی پیاوان بۆ ژنهێنان پەیوەندی بە جنسەوە هەیە، بەڵام لەسەدا نەوەدی ٩٠% خۆشەویستی ئافرەتان بۆ شوکردن بۆ منداڵ بوونە!!

جاکاتێ حەز و ئارەزووی خۆش ویستنی ئافرەت لە خیلقەتی پیاواندا دروست کراوە و جوانکراوە، هەروەک خوا دەفەرموێ:" زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ الشَّهَوَاتِ مِنَ النِّسَاءِ ..." فیتنەکە لێرەدایە کە چۆن ئەم حەزە جێ بەجێ دەکەیت؟ ئایا لەرێگەیەکەوە کە خوا بۆی داناویت و ئابرو مەندانەیە؟ یا لە رێگەی زینا و داوێن پیسی یەوە، کەدەبێتە نەنگی و سەر شۆری لە دنیاو قیامەتدا.. ئەگەر کەسەکە توانی بەرەنگاری هەواو هەوەسی خۆی بکات، وخۆی تووشی حەرام نەکات، و لەبەرامبەر ئەو حەزەوە خۆگربێ، ئەوا لە تاقیکردنەوەکەدا دەرچووەو سەرکەوتوو بووە، خۆ ئەگەر خوا نەخواستە چۆکی دادا ئەوە دۆڕاو و تێ شکاوە..

خوشکی بەڕێز عەیبەکە لە ئافرەتدا نییە، عەیبەکە لە منداڵدا نییە، عەیبە لە خودی سامان و ماڵدا نییە!! عەیبەکە دەگەڕێتەوە بۆ خراپ هەنگاو نان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم شتانەدا کەلەلای دەروون

خۆشەویست کراون..

دەنا پێغەمەر صلی الله علیه وسلم دەفەرموێ:" ئافرەت و بۆنی خۆشم لا خۆشەویست کراوە.. بیلبیلەی چاویشم لە نوێژدایە!

کلیلی پێک گەیشتنی نارەواو ناشەرعی بەدەست ئافرەتەوەیە ئەگەر ئافرەت لەخوا نەترسێ، یا پەروەردەیەکی باشی نەبێ توانایەکی گەورەی هەیە بۆ سەرگەردانکردنی پیاوان، لەبەر ئەوە لە ئیسلامدا کۆمەڵێ شت حەرامکراون وەک ئاگر بەست.. بۆنموونە: داواکراوە لە ژنان و پیاوان چاویان لەیەکتر بپارێزن، بەتەنیا لەیەک شوێنا نەبن.. بە شل وشپرێوی قسە لەتەک یەکترا نەکەن.. ئەمانە هەمووی بۆئەوەیە رێ لە کەوتنە ناو خراپە کارییەوە گیررێت..

فعن أنس- رضي الله عنه-، قال: قال رسول الله- صلى الله عليه و سلم-:" حُبِّبَ إِلَيَّ: النِّسَاءُ، وَالطِّيبُ، وَجُعِلَتْ قُرَّةُ عَيْنِي فِي الصَّلَاةِ "

النسائي- السنن- كتاب عشرة النساء- باب(1) حب النساء- 7/61- حديث(3940)، أحمد- المسند- 3/ 128- حديث(12316)، الحاكم- المستدرك- كتاب النكاح- 2/174- حديث(2676)، أبو يعلي- المسند- 6/199- حديث(3482)، درجة الحديث: قال الشيخ الألباني(صحيح ).

وَالْبَنِينَ وَالْقَنَاطِيرِ الْمُقَنْطَرَةِ مِنَ الذَّهَبِ وَالْفِضَّةِ وَالْخَيْلِ الْمُسَوَّمَةِ وَالْأَنْعَامِ وَالْحَرْثِ ذَلِكَ مَتَاعُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَاللَّهُ عِنْدَهُ حُسْنُ الْمَآبِ، قُلْ أَؤُنَبِّئُكُمْ بِخَيْرٍ مِنْ ذَلِكُمْ لِلَّذِينَ اتَّقَوْا عِنْدَ رَبِّهِمْ جَنَّاتٌ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَأَزْوَاجٌ مُطَهَّرَةٌ وَرِضْوَانٌ مِنَ اللَّهِ وَاللَّهُ بَصِيرٌ بِالْعِبَادِ"آل عمران/١٤و١٥. (15) فتح الباری:

# # #

# 9

# خوێنکارێکی زانکۆ چۆن خۆی پاراست؟

## رووداوێکی واقیعی و چیرۆکێکی پەروەردەییە

## وەرگێڕانی:

## د. حەسەنی پێنجوێنی

ناوی نووسەری لەسەر نەبوو، گوگڵیشم بۆ کرد هیچم نەدییەوە.

کیژێکی لاوی زانکۆی دیمشق کە لەسەرەتای ژیانیایەتی هەموو رۆژێ دەچێت بۆ زانکۆ تازانیاری زیاتر وەربگرێت و لەئەدەبا زیاتر ماهیر ببێت، باوکیشی سەرۆکی بەشێک بوو لەهەمان زانکۆدا..

ئەورۆژەی رووداوەکە لەرێی باوکی نەوەستا لەزانکۆ هاتە دەر تا بەرەو ماڵ بگەڕێتەوە، بەڵام پاش ماوەیەک دەرچوونی لەزانکۆ رەشەبا و باوبۆرانێکی ناهەموار کەش و هەوای بەتەواوی تێکدا، دنیاش سارد بوو، ئاسمان ناوچاوی دابوو بەیەکدا، هەورەرەشەکان رووی ساماڵی ئاسمانیان داپۆشی بوو، ژەور دەی گرماند بروسکە چەخماخەی دەدا، باران وەک دەمی کوندە بەربووبێ ئاوەها باران بەخوڕزم دەباری، ناو بەناو تەرزەی دەنک زلیش دەبینرا، تەرزەکان کەبەر سەری خەڵکی دەکەوت وەخت بوو خوێنی لێ بێنێ.. خەڵکی نەی دەوێرا رێ بکات و لەترسی ئەو تەرزەو بۆرانە خۆی دەدایە پەناو پاسارەکان..

ئەم کیژەش ماوەیەک بە پەنای دیوار و پاسارەکاندا رۆیشت بەلکو پەناگایەکی باشی دەست بکەویت.. لەلایەکەوە تەڕبووە، سەرماکاری تێ کردبوو بەجۆرێک لەرزی لێ هاتبوو.. لەو رێیەدا ماڵێکی عادەتی و خانوییەکی خنجیلانەی بەدی کرد دای لەدەرگای ماڵەکە، بەوهیوایەی دەرگای لێ بکەنەوەو کەمێ خۆی گەرم بکاتەوە.. لاوێک لەسەرەتای ژیانیا هاتە دەر و دەرگای کردەوە، و خۆشحاڵی خۆی بەهاتنی ئەم میوانە دەر بڕی، و جێێ کردەوە تا ئەم باوبۆرانە دەنیشێتەوە.. فەرمووی لێکرد و رۆیشتنە ماڵەوە.. بێ ئەوەی خۆ بەیەکتر بناسێن و ناوی یەکتر بزانن، بەڵام کوڕەکەش لەهەمان زانکۆدا خوێنکار بوو، و بەتەنیا دەژیا، و زگورت بوو..

خانووەکەش دوو ژوور هەیوانێک بوو، لەگەڵ توالێت و حەمامێکی سەربەخۆدا، کوڕەکە پێی گوت لە یەکێ لەژوورەکاندا پشو بدات تا بۆرانەکە دەنیشێتەوە.. و سوپایەکی بۆ برد و پێی گوت کە

ئیسراحەتی خۆی وەر بگرێت، و ئەو رۆیشتە ژوورێکی تر و ئەوی بەجێ هێشت..

کیژەکە لەسەر کورسییەک دانیشتبوو پاش ماوەیەک کەگەرمای بووەوە خەو زۆری بۆ هێنا، لەسەر قەرەوێڵەکە خەوی لێ کەوت.. کورکە رۆێشت تابزانێ هیچی پێویست نییە؟! دیتی خەوی لێکەوتووە، دەڵێی ئەمیرەیە و حۆرییەکە لە حۆرییەکانی بەهەشت، سۆپاکەی هێنایە دەرەوە، بەڵام شەیتان وەک خوێن بەناو خوێن هێنەر و خوێن بەرەکانیا دەگەڕا، و وێنەی کێژەکەی لەوحاڵەتی راکشانەدا دەهێنایە پێشچاوی و لای شیرین کردبوو، هانی دەدا کە دەستی بۆ درێژ بکات..

کیژەکە پاش ماوەک خەبەر بووەوە، دیتی بەسەر قەرەوێڵەکەدا کەوتووە، و نەیدازانی چی رووی داوە؟ بەخێرایی بەرەو دەرگاکە رویشت، دیتی لاوەکە بە بێهۆشی کەوتووەو ئاگای لە خۆی نییە ! بێ ئەوەی ئاوڕ لەدوای خۆی بداتەوە بەڕاکردن رۆیشت تاگەیشتە ماڵ خۆیان، خۆی خستە باوەش باوکییەوە، کە تەواوی ئەوشەوە هەموو شوێنێک گەڕابو تاهەواڵێکی بزانێ چی بەسەر هاتووە؟!!

کیژە هەموو بەسەرهاتەکەی بۆ باوکی گێڕایەوە، و سوێندی بۆ خوارد کەنازانێ چی روویداوە.. باوکەش نەیدەزانی چی بکات؟! دانی بەخۆیا گرت، بەرەوزانکۆ رۆیشت.. فەرمانی دەرکرد تابزانێ کێ ئەم رۆ لەزانکۆدوا کەوتووە و نەهوتووە بۆ دەرس؟! ئەنجامیان بۆ هێنا کە

دوو قوتابی نەهاتوون یەکێکیان رۆیشتووە بۆ دەرەوەی وڵات، و ئەوی تریشیان نەخۆشە و لە نەخۆشخانە کەوتووە!!

باوکە خۆی رۆیشت بۆ نەخۆشخانە تابزانێ ئەو لاوە بۆچ لەخەستەخانەیە؟ تا ئاو بەدەروونی گەرمیدا بکات و تۆڵەی لێ بسەنێتەوە!! کە رۆیشت دیتی خوێنکارەکە بە لەفافێکی سپی دەستی پێچاوە، ئەمیش لەپزیشکەکەی پرسی: ئەوە خێرە وا دەستی !پێچاوە؟

پزیشکیش پێی گوت: ئەمە فریا گوزاری کاتێ هێناویەتی پەنجەکای دەستی سووتاوە!! فەڵێ پەنجەکانی سووتاوە!!

ئینجا باوکەکە- بێ ئەوەی پێی بڵێ من باوکی کچەکەم- رۆیشت بۆ لای قوتابییەکەو پێێ گوت کوڕم! تو بیتو خوا راستیم پێ بڵێ بۆچ پەنجەکانت سووتاون؟!

گوتێ: دوێنێ کیژێک لەباو بۆرانەکەدا پەنای هێنا بە مالەکەی من، تالەو سەرماو بۆرانە رزگاری ببێت، منیش پەنام دا و ژوورێکم بۆ چۆڵ کرد، بەڵام شەیتان زۆر هانی دەدام بۆ ئەوەی دەست درێژی بۆ بکەم.. رۆیشتمە ژوورەکەی بۆ ئەوەی سۆپاکە بێنمە دەرەوە، شەیتان زۆر شیرینی کردبوو لە پێش چاومدا، دەمویست دەست درێژی بۆ بکەم، منیش پەنجەم دەخستە سر سۆپاکە تا قرچە قرچ دەسووتا، هەرچی شەیتان ئەو بیرۆکەیەی بۆ دەهێنام منیش پەنجەی خۆمم بەئاگرەکە دەسوتاند تا بییری ئاگری دۆزەخم بکەوێتەوە! ئیتر من بێهۆش کەوتم نەم زانی من چیم بەسەر هاتووە، و کیژەکە چی بەسەر هاتووە کاتێک دەزانم خۆم لە نەخۆشخانە دەبینمەوە..

ئالەویا باوکەکە هاواری کرد و گوتی: خەڵکینە بەشایەت بن من

باوکی ئەو کیژەم! و ئەوا کیژەکەی خۆمم لێ مارە کرد!!

بەڵێ، ئەولاوە باوەڕ پتەوە کە تەقوای خوای هەبوو خوا ئەودەرووە گەورەیەی لێ کردەوە، و فەرموودەکەی پێغەمەر صلی الله علیه وسلم لەبارەیەوە هاتە دی کە دەفەرموێ: ئەوەی لەبەر خاتری خوا واز لەحەرامێک بێنێ ، خوا بە حەڵاڵی دەیکات بە نسیبی.. با ئەوەش بووەستێ کە یەکێک دەبێ لەوانەی لەرۆژی قیامەتدا لەسایەی رەحمەتی خوادا دەبێ، لەو رۆژەدا کەهیچ سایەیەک نییە جگە لەسایەی رەحمەتی خوا..

هیوادارم خوا بمان خاتە سایەی رەحمەتی خۆی لە رۆژی قیامەتدا..

# # #